# شاڵاوی پەنابەران لەبەردەم چەنگاڵی مافیا

عومەر کەریم بەرزنجی

شاڵاوی پەنابەری بەرەو ئەوروپا لە سەرەتای نەوەتەکانەوە وەک دیاردەیەکی بەرچاو ئەوروپای دووچاری سەرسوڕمان کرد, ئەگەرچی بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی کۆچکردن هەر هەبووە, بەڵام نەک بەورادەیەی کە بەم دواییە بەخۆیەوە بینی.




بێگومان کۆچ کردنیش کۆمەڵێ هۆکاری خۆی هەیە، وەک تەنگ پێهەڵچنینی مرۆڤ لەولاتی خۆیداکەناتوانێ بەدڵنیاییەوە ژیانی ئاسایی بەرێتەسەر بۆیە هەمیشە لە دڵەڕاوکێ و بێ ئومێدیدا ژیان دەبەنەسەر، بۆیە کۆچ کردن وەک تاکە رێگایەکی دەربازبوون، هەڵدەبژێرن.

بارودۆخی ئابووریش رۆڵێکی گەورەی لەم شاڵاوی کۆچەدا هەیە وەک گوتراوە (ئەگەر سامان نەچێت بۆلای خەڵکی، ئەوا خەڵک دەچن بۆلای سامان) ، دیارە دابینکردنی پێویستیەکانی ژیان و کەڵکەڵەی دەوڵەمەندبوون خەڵکێکی زۆری بەرەو رووی ژیانی پاناهەندەیی کردۆتەوە، لەمبارەیەوە لەسەرەتای نەوەتەکاندا بانکی جیهان ئەوبڕە پارەیەی کەپەنابەران بۆ ولاتەکانی خۆیانی دەنێرنەوە سالانە بە (7)ملیار دۆلار مەزەندەکرد کەئەم برە پارەیەش دەکاتە هێندەی داهاتی سالانەی هەرسێ ولاتی میسرو مەغریب و سوریا.

## رەوشی پەنابەران

پەنابەران تادەگەنە شوێنی مەبەست دووچاری زۆر حاڵەتی وەک گرتن و تیاچوون و سووکایەتی پێکردن دەبنەوە، کەی زۆرجار دوای چەشتنی گەلێک مەترسی لەم بابەتانە لەولاتان دەستگیر دەکرێن و بەرەو ولاتی خۆیان رەوان دەکرێنەوە، زۆرجاریش لەولاتەکانی خۆیان دووچاری سزای توندوتیژ دەبنەوە، خۆئەگەر دووچاری گرتن و رەوانەکردنەوەش نەبنەوە ئەوا بەشی زۆریان ناچاردەبن پەنا ببەنە بەرکاری قورس ئەمە جگە لەوەی کەبەشێکیشیان دەست بۆ تاوانکاریش دەبەن، زۆرجاریش لەلایەن گروپە نەتەوە پەرستەکانەوە هێرشی توندوتیژ دەکرێتە سەر پەنابەران و لەم رووەوە چەندین کەس بوونەتە قوربانی، ئەمە جگە لەچەندین کارەساتی تری وەک نقومبوونی بەلەم و کەوتنە بۆسەی سەرسنوورەکان و رەقبوونەوەی نێو بەفرو....هتد، دیارترینیان کارەساتی ژێر ئاو کەوتنی (2500) پەناهەندەی ئەلبانی بوو لەبەندەری باری لەساڵی 1991.

## دەسکەوتی تۆڕەکانی مافیا

یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی داهاتی تۆڕەکانی مافیا بازرگانی کردنە بەچارەنووسی پەناهەندەکان، سەندیکا خراپەکاریەکانی سەر بەمافیا لە ساڵی 1993دا توانیان بەهۆی قاچاخی کردن بەمرۆڤەوە نزیکەی سەد ملیۆن دۆلار بەدەست بهێنن.

هەروەها مافناسێکی ئیتالی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە تۆڕێکی قاچاخچیەکانی پەنابەرێتی رایگەیاندووە کە مافیا لەماوەی دووساڵدا نزیکەی (7)ملیار دۆلار داهاتی بووە.

جگە لەمانەش مافیا هەوڵێکی زۆردەدا بۆ قاچاخی کردن بەئافرەتانەوە، بەپێی قسەی بەڕێوەبەری یەکێتی ئەوروپا بۆ کاروباری پەنابەران (ئانتینا گرادین) لەساڵی 1998 (15000)ئافرەت گەیەنراونەتە ئەوروپاو وەک دەشڵێن(4/1)ی ئەو ئافرەتانە بەمەبەستی

لەشفرۆشی بەکاردەهێنرێن یاخود وەک کۆیلە دەژین... منداڵانیش کەوتوونەتە بەر شاڵاوی مافیاو ئەوەتا هەندێک لەمنداڵان کەتیایاندا هەیە تەمەنی لە چوار ساڵ زیاتر نیە بۆ نمایشکردنی فیلمی سێکسی بەکاردەهێنرێن.
بێگومان باجی ئەم هەموو کارەساتانە بەپلەی یەکەم پەنابەران خۆیان دەیدەن و دواتر تەواوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەهۆیەوە زەرەرمەند دەبن و تەنها تۆڕەکانی مافیا دەسکەوتی بێویژدانانەی خۆیانی پێوە دابین دەکەن.
لە ژمارە(65)ی رۆژی 1999/6/22ی هەفتەنامەی "رزگاری" دا بلاّو کراوەتەوە.